# گێڕانەوەی کەلەپووری کلتووری و فەرهەنگی و مێژووی عێراق وەکو کۆڵەگەیەکی بوژانەوەی ئابوری

## خستنەڕوویەکی گشتی پڕۆژەکە

**دەرئەنجام: توانای دەستگەیشتنی کۆمەڵگەکان بە دەرفەتەکانی کار باشتر بووە لە ڕێگەی پاڵپشتیکردنی پڕۆژەکار و کۆمپانیا بازرگانیە بچووک و مامناوەندەکانەوە (SMEs) هاوکات لەگەڵ بەها کلتووری-کۆمەڵایەتییەکان یان پاڵپشتیکردنی دووبارە بنیاتنانەوەی شارستانیانە.**

- ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) شێوەیەکی تازەی ئابوری پیادەدەکات لەڕێگەی سندوقی گەشەپێدانی پڕۆژەکان -کلتوور و فەرهەنگ (EDF-c).
- سندوقی گەشەپێدانی پڕۆژەکان (EDF) میکانیزمێکی بەخشینی داراییە بۆ پاڵپشتیکردنی بوژانەوە و گەشەسەندنی پڕۆژەکار و کۆمپانیا بازرگانیە بچووک و مامناوەندەکانەوە (SMEs) کان بەدابینکردنی سەرمایەی دارایی و پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەی لە دەستگەیشتن بە پاڵپشتی دارایی هەیانە.
- بۆ ئەم گەڕەی پارەپێدانی سندوقی گەشەپێدانی پڕۆژەکان -کلتوور و فەرهەنگ (EDF-c)، پارە دەبەخشرێتە ئەو پڕۆژەکار و کۆمپانیا بازرگانیە بچووک و مامناوەندانەی کە ڕاستەوخۆ بەشداری گێڕانەوەی کەلەپووری کلتووری و فەرهەنگی یان بنیاتنانی شارستانیانە دەکەن و توانای پاڵپشتیکردن و کار و ڕەخساندنی ئەو هەلی کارانەیان هەیە کە ماوە درێژن و گەشەدەکەن.

**بەرهەم و دەرهاویشتە١،١: نموونەی دۆخ و ژینگەیەکی دیاریکراو بۆ فراوانکردنی کار و بزنسی هۆنەری و کار و بزنسی پەیوەست بە کلتوور و فەرهەنگەوە، هەروەها ڕەخساندنی ئەو هەلی کارانەی کە بەرەوپێش دەچن، تاقیکراونەتەوە و باشتربوونە.**

- هەڵسەنگاندنێکی بازاڕ لە شارەکانی موسڵ و بەسرە ئەنجامدرا و تیشکیان خستەسەر ژینگەی ئەو کار و بزنسانەی کە پەیوەستن بەو کەلوپەل و خزمەتگوزارییانەی کە بەهای کلتووری و فەرهەنگیان هەیە.
- دەرئەنجامەکانی هەڵسەنگاندنەکە ئەوە دەردەخەن کە بەشداریکردن لە شێوازی سندوقی گەشەپێدانی پێویستی بە خۆگونجاندنی زیاترە بۆ باشتر پاڵپشتیکردنی کار وبزنسەکان. ئەمەش ڕەچاوکردن و لەبەرچاوگرتنی ووردی تایبەتمەندییە جیاکەرەوەکان لە کەرتی تایبەت دەگرێتەوە، لەوانەش: جیاوازی و بێ هاوشێوەبوونی ئەو کار و بزنسە لە کۆمەڵگەدا، یان ئەو کارو بزنسە بەشدارکردبێت لە لایەنی هونەری بەشێوەیەکی گشتی.
- هەمووارکردن و خۆگونجاندنەکانی دیکە لەگەڵ شێواز و ڕێبازی سندوقی گەشەپێدانی پڕۆژەکان ئەمانەش دەگرێتەوە: لەنزیکەوە کارکردن لەگەڵ ئەو پڕۆژەکار و کۆمپانیا بازرگانیە بچووکانەی کە هاوکاری دارایی کراون لە پلانی فرۆشتن و بە بازاڕکردن بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کە بڕی تەواو و پێویست کڕیاریان هەیە، ئەمە سەرەڕای دروستکردنی زنجیرەی پەیوەندییەکان لەگەڵ هەر شوێن و لایەنێک کە گونجابێت.
- بەردەوام و جێگیری بۆ ماوەیەکی درێژی ئەو کار و بزنسە، هەروەها بەردەوام جەخت لەسەر ڕەخساندنی هەلی کار دەکرێتەوە.

**بەرهەم و دەرهاویشتەی ١،٢: ئەو پڕۆژەکار و کۆمپانیا بازرگانیە بچووک و مامناوەندانەی کە بەشداری هونەر-کەلەپووی کلتووری و فەرهەنگی، یان بنیاتنانی شارستانیانە دەکەن لەڕێگەی سندوقی گەشەپێدانی پڕۆژەکانەوە (EDF) بە بەخشینی دارایی پاڵپشتیدەکرێن بۆ وەرگەڕخستنەوە و فراوانکردن.**

- ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) کار و بزنسی گونجاو و ڕێکوپێک هەڵدەبژێرێت و هاوکاری داراییان پێدەبەخشێت. سندوقی گەشەپێدانی پڕۆژەکان -کلتوور و فەرهەنگ (EDF-c) ئەم قۆناغانە دەگرێتەوە، پێشکەشکردنی داواکاری، هەڵبژاردن، بەخشین، جێبەجێکردن و چاودێریکردن. پارە بەخشینەکە بە قیستو بەشێوەی بەش بەش دەبێت لەسەر کۆمەڵێک بنەمای گەشەسەندنی بزنسەکە دەبێت و هەردوولا لەسەری ڕێکدەکەون.
- ئەو پێوەرە و بنەما سەرەکییانەی کە کار و بزنسەکانی لەلایەن سندوقی گەشەپێدانی پڕۆژەکان -کلتوور و فەرهەنگ (EDF-c) پێ هەڵدەبژێردرێت بەردەوام ئەمانە دەگرێتەخۆ: کاریگەری ئەو بزنسە لەسەر ژینگەی و کەش و هەوا و دەرفەتەکانی خستنە سەرکار بۆ زۆربەی هاوڵاتیانی کەمدەرامەتی وەکو (ئافرەتان، گەنجان، و هاوڵاتیانی خاوەن پێداویستی تایبەت). لە هەڵبژاردنەکەدا، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) ڕەچاوی ئەوە دەکات کە ئەو بزنسە بتوانێت بەشداری بەهێزکردنی زنجیرەی بەها ناوخۆیی و لۆکاڵییەکان بکات یان بەشداری گێڕانەوەی ئەو خزمەتگوزارییانە بکات کە دەتوانن شوێن بەرهەمە هاوردەکراوەکان بگرنەوە و خواست لەسەر بەرهەمهێنانی خۆماڵی زیاد و بەهێز بکەن.

### بەرهەم و دەرهاویشتەی ١،٣: زنجیرەی بەها دیاریکراوەکانی پەیوەست بە پیشەسازی کلتووری و بنیاتنانی شارستانیانە دەگێڕدرێتەوە.

- ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) سیستەمێکی وەگەڕخستنی بازاڕ ئامادەدەکات بۆ هاندان و بەرزکردنەوەی بەرهەمی خۆماڵی.
- ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) هەرکاتێک بشێت، هانی ئەو پڕۆگرامی گشتیگر و فرە بوار دەدات (بۆ نموونە وەکو سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکان – کشتوکاڵ (EDF-A)).

## هەڵسەنگاندنی بازاڕ-دەرئەنجامە سەرکییەکان

ئەو پرۆژەکار و کۆمپانیا بازرگانیانەی کە سەرمایەیەکی دارایی کەمتر لە پێوەرە و بنەماکانی سندوقی گەشەپێدانی و پرۆژەکان هەیە و کارمەندی کەمتر دادەمەزرێنن:

- زیاتر لە١٥% ئەو پرۆژەکار و کۆمپانیا بازرگانیانە بەلایەنی کەمەوە یەک کارمەندیان هەیە.
- نزیکەی یەک لەسەر سێی ئەو کار و بزنسانەی کە ڕووپێوی کراوان، لەلایەن ئافرەتانەوە خاوەندارێتی دەکرێن، بەزۆریش لەبواری بەزازی و قوماشە، لە بوارەکانی دیکەی وەکو ئامادەکردنی خۆراک و کاری دەستییە.
- سەرمایەی دارایی پێویستە، لە نێو ئەو کار و بزنسانەی کە ڕووپێوی کران، زۆربەیان لەلایەن سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکان (EDF)وەو هاوکاری دارایی بە بڕی (٥٠٠٠ بۆ ٣٠،٠٠٠ ) دۆلار کراون. کرێی هەر کارێک لە خوار ٦٠٠٠ دۆلار بوو‌بێت، ئەمەلەگەڵ بنەما پێوەرەکانی سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکان دەیگرێتەوە.
- یەک لەسەر سێی ئەو کار و بزنسانەی کە ڕووپێوی کران، لە ٣٤% یان، پێویستیان بە ٥٠٠٠ دۆلار هەبوو و لەلایەن خودی خاوەنەکەیەوە بەڕێوەدەبردرا و دووکارمەندی هەبوو، ئەمەش لە پێوەرەکانی سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکان کەمترە.
- یەک لەسەر چواری ئەو کار و بزنسانەی کە ڕووپێوی کران، لە ٢٦%یان، یەکێک لە دوو هاوکارییەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ، هاوکاری بژێوی ژیان پەیداکردنی تاک یان بە بڕی (١٧٠٠) دۆلار وەرگرتبوو، یان لە کەمترین باردا ٥٠٠٠ دۆلاریان لە سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکان وەرگرتبوو، ئەمەش وەکو پێوستی سەرمایەی داراییان.

### پرۆژەکار کۆمپانیا بازگانییەکان باسی کۆمەڵێک لە ئاڵنگارییەکانی بەردەم کارکردنیان کرد:

- نەبوونی سەرمایەی دارایی و کەرستە و ئامێر (بەتایبەتی لە شاری موسڵ کە لە هەندێک حاڵەتدا کەستە و ئامێرەکانیان تێکچووبوو یان دزرابوون).
- کەرستەی خام، کوالێتی خراپ و ئاست نزم، خراپی دەستگەیشت بە ماددەکان و بەرزی نرخەکان.
- نەبوونی خزمەتگوزارییەکان، بەتایبەتی نەبوونی بڕی پێویستی پێدانی کارەبا بە بەردەوامی.
- نەبوونی مەودای پێویستی کارکردن.
- هەبوونی پابەندی دیکە، وەکو خوێندن.
- نەبوونی شوێنی بازاڕ و پەیوەندی بەستن لەگەڵ بازاڕ و بە بازاڕکردن.
- ناسەقامگیری گشتی ئابوری لە عێراق دا.

## نیشاندانی ئارەزوو بۆ سندوقی گەشەپێدانی پڕۆژەکان -کلتوور و فەرهەنگ (EDF-C)

- ئەو شوێنانەی کە ئامانجی سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکان -کلتوور و فەرهەنگ (EDF-c): **شاری موسڵ و شاری بەسڕە**.
- کۆمەڵێک لە کار و بزنسی شیاو داواکاری پێشکەشی پارە بەخشینە دەکەن:

| | |
|---|---|
| بنتاتانی تقلیدی و کار و بزنسی هونەری و شتی دەستکردی ماڵەوە، بیناو باڵەخانەی گشتی، بازاڕەکان و باخچەکان | دروستکردنی خانوو بە شێوەیەکی تقلیدی و جۆرەکانی دیکە بنیاتنانی بینا و باڵەخانەکان لەسەر شێوازی تقلیدی. ئەو کەرستانەشی کە بەکاردێن جۆراوجۆرن، ئەمەش جگە لە بنیاتنان بە کۆکنکریت. پردی قەنتەرەیی، دینگە و ستوون، پەنجەرە، دەرگای سەرەکی حەوشە، سەقفی کەوانەی و بنمێچی داریین و پەنجەرەی شێوە تاقی، مزگەوت، مەزارگە، کەرستەکانی خانووی تقلیدی و کاشی و هی دیکە. |

| | |
|---|---|
| دارتاشی | بەلەمی تقلیدی، کەشتی قەبارە بچووک، لانک، لەیلوک، ژووری خەوتن و جۆرەکانی دیکەی کەلوپەلی ناوماڵ وەکو سێتی مەتبەخ، کەرستەی جوانکاری ماڵ، پەنجەرەی شێوە تاقی و دەرگاو پەنجەرە لە دار دروستکراو قەفەسی باڵندە و هی دیکە. |
| قماش و پێستە | درووینی جلوبەرگی تقلیدی (دیشداشە و عەبا)، نەخشەکاری نەخشاندنی بەدەست، چەرچەفی شوێنی نووستن، ڕستنی سووف و ڕایەخ چنین، چنین و درووینی جۆرەکانی دیکەی جلوبەرگی منداڵان و گەوران، بەرهەمی جلدی وەکو پێڵاو زینی ئەسپ و قەمسەڵەی فەرووییی و هی دیکە. |
| مادە | کەرستە تقلیدییەکانی کشتوکاڵییەکان (ئاسنگەری)، ئاسنگەری بۆ دروستکردنی کەرستەی تقلیدی و کەرستەکانی دیکەی بینا و باڵەخانەی گشتی و تایبەت، کەلوپەلی نانخواردن لە مس دروستکراو، سێتی مەتبەخ، شت دروستکردن لە زێڕ و چەقۆ تیژکردن و هی دیکە. |
| کار و بزنسی دیکەی دەستی | تواندنەوەی ماددەی موم و دروستکردنی کەلوپەلی ڕەنگاوڕەنگ لێی، جۆرە جیاوازەکانی گڵکاری، لەوانەش تەندەر قور، دروستکردنی گۆزە لە گڵ، دروستکردنی زەنبیلە، چنینی چلی دارای خورما بۆ دروستکردنی سەبەتە و حەسیر و کەرستەکانی دیکەی هاوشێوەی، هەروەها خۆشنووسی، وێنەکێشان، پەیکەرتاشی، کەرستەی یادگاری جوان، کەرستەی دیکەی جوانکاری ناو ماڵ و تۆری ڕاوکردنی ماسی و هی دیکە. |
| خزمەتگوزارییەکان و خوێندن | خزمەتگوزارییەکانی ڕێبەری گەشتیاری بۆ شوێنە کلتوورییەکان، دیزاینکردن و ئامادەکردنی بەرهەم، دیزاینیکردنی گرافیکی، دیزاینکردنی وێبسایت و ماڵپەڕ-دیزاینکردنی جلوبەرگی فاشیۆن، بەرهەمی دیجیتاڵی،هەروەها ڕێکخستنە بۆنەکان لەسەر شێوەی کلتووری (کۆنسێرت، کۆڕو دانیشتنی خوێندنەوە، سانۆ، ڕووداو بۆنەی دیکە)، جا چ بە شێوەی کلتووری بێت یان بەشێوەی میدیای بێت لەڕێگەی وێبینارەوە. دروستکردنی بەرهەمی کلتووری (کتێب، مۆسیقا، ڤیدیۆ و فیلم) بەهەردوو شێوازی تقلیدی و دیجیتاڵ میدیایی و خزمەتگوزارییەکانی جوانکاری جل درووین. |
| خواردن و دەرمانی تقلیدی | ئامادەکردن و لێنانی خواردنی تقلیدی وەکو خواردنی عێراقی، ماسی برژاو، ماسی سوێرکراو سوورکراوە، ترشیات و جۆرەکانی شرینی (بەتایبەتی لە خورما). هەروەها زەیتی زەیتوون لە ڕێگەی گوشین و تەحین و دەرمانە تقلدییەکان. |
| پێداویستییەکان | مەڕمەڕ (یان ئەوەی پێی دەڵێن مەڕمەڕی موسڵ)، جۆرە جیاوازەکانی بەر و مەڕمەڕ و خوری وسوف و هی دیکە. |

- سەرمایەی دارایی داواکراو: ٣,٠٠٠ بۆ ٣٠,٠٠٠ دۆلار
- داواکاری لە کار و بزنسەکانەوە ٣,٠٠٠ بۆ ٥,٠٠٠ دۆلار : پێویستی بە هیچ کارمەنددێک نییە لە کاتی پێشکەشکردنی داواکاری، تەنیا لەلایەن خاوەنەکەیەوە بەڕێوەدەبردرێت.
- ائەو کار و بزنسانەی داوای ٥,٠٠٠ بۆ ٣٠,٠٠٠ دۆلار:بەلایەنی کەمەوە پێویستیان بە یەک کارمەندە لە کاتی پێشکەشکردنی داواکاری.
- ئەم کەرتە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ئامانجی هاوکاری بژێوی ژیان پەیداکردنە و لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM)ەوە بۆی دابیندەکرێت لە سەرانسەری عێراق دا.